# هارۆڵدپینتەر.. براوەی خەڵاتی نۆبڵ
# (گەشتێك بەژیان و تەكنیكی هونەری و دەقەكانیدا)

و: جەمال هەڵەبجەیی



..هارۆڵد پینتەر.. براوەی خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبیاتی ساڵی 2005، سەرەتای نووسینی بەشیعر دەستپێكردو بەو شێوەی كە لەدوایین گفتوگۆكانیدا دەریبڕیوە، دەیەوێت بەشیعریش كۆتایی پێبهێنێت، بەڵام ئەو (29) شانۆییەی كە تا ئێستا نووسیویەتی لەیەكەمنییانەوە (ژوور) تاوەكو دوایەمینیان (ئاوازەكان) ناوبانگی جیهانی بەئەو بەخشیوە، ئەو بەشانۆی (ئەپسۆرد) دەستیپێكردو گەیشتە ستایلێكی تایبەت بەخۆ، ناوێك كە هەر بەو یەكەمین شانۆنامە ناوزەدكرا، هارۆڵد پینتەر، وێڕای شانۆنامە، فیلمنامەی نووسیوەو دەسبەرداری نواندن و دەرهێنانی شانۆش نەبووە، سیاسەت تێكەڵ بەكەسایەتی و ژیانی بووەو ڕەخنە سیاسییە توندەكانی سەبارەت بەسیاسەتی شەڕخوازانەی ئەمریكاو بەریتانیا بەناوبانگە، هارۆڵد پینتەر چەند ڕۆژێك بەر لەوەرگرتنی خەڵاتی نۆبڵ، پێی ناوەتە تەمەنی (75) ساڵی، ئەو سێ ساڵە لەگەڵ نەخۆشی شێرپەنجەدا دەجەنگێت، كەچی هێشتا بەردەوام

بەجدی لەسەر شانۆ درێژە بەکاری نواندن، دەرهێنان‌و وتارو بابەتە سیاسییەکانی خۆی دەدات، لەگرنگترین شانۆکانی ئەو دەتوانرێت ئاماژە بە(ژوور، جەژنی لەدایك بوون، گەڕانەوە بۆ ماڵەوە، فاسق، خۆڵەمێش بەخۆڵەمێش‌و خیانەت) بکەین.

*ژوور:

ژوور یەکەمین جار لە(ژوئن-1960) لەیانەی نمایشی (هامپستید) نمایشکرا.

*کەسایەتییەکانی:

بێرت هاد-پیاوێکی 50 ساڵەی لاڵ.

رزهاد-خێزانی بێرت (Bert) ژنێکی شەست ساڵەی ترسنۆك.

بەڕێز کید- پیاوێکی گێژ خاوەن خانوەکەی هاد.

تاد ساندز- پیاوێکی گەنج کە بەشوێن ژورێکدا دەگەڕێت.

خاتوو کلاریسا ساندز- هاوسەری تاد.

رایلی- رەشت پێستێکی کوێر کە لەشوێن (رز)ن لەژێرخانەوە دێتەدەرەوە.

(ژوور) یەکەمین شانۆنامەی پینتەرە (چ لەڕووی ناوەرۆك‌و چ لەڕووی سەیکەوە) خاوەنی هەموو ئەو بەشانەیە کە ئەو لەدوانزە ساڵە یەکەمی کاری شانۆنووسی خۆیدا سودی لێوەرگرتوون، ئەم درامایە بەهۆی نمایشکردنی (هەڕەشە) کە لەڕێگەی دروستکردنی کێشەیەکەوە کە لەجێگرکردن‌و پەیوەندیدا بوونی هەیە، بەهۆی سود وەرگرتن لەتەنزو زمانی واقیع گەرا وەك دوو کایەی دژو پشت بەستنی سنوردارانە بەوێنەی زۆر زیندوو درامایەکی نموونەییە، کۆمیدی هەڕەشە ئامێزی پینتەر بەهەمان یەکەمین بەرهەم دەستپێدەکات‌و وێنەی کۆمیدییە هەڕەشەئامێزەکانی دیکەی پینتەرە، زیاتر کاریگەری نمایش بەهۆی کەش‌و فەزای هەڕەشەئامێزی ئەوەوەیە. هەر لەبنەڕەتەوە درامانووس ئارەزوومەندە بەوەی کە لەم شانۆنامەدا بوونی (هەڕەشە) بخاتە بەرچاوو پاشان مرۆگەلێك، لێرەدا (رز) بخاتە ژێر لێکۆڵینەوەوە کە لەژێر فشاری ئەم هەڕەشەیەدا لەلێواری لەنێوچووندان.

حاڵەتی هەڕەشەن زیاتر لەڕێگەی پەردەو دیکۆرکارییەوە دروست دەبێت، ژوورێك، لەو ژوورەدا دەرگایەك هەیە، بەو وێنەگرتنەی کە لەبارەی (رز)ەوە ئەنجامدراوە، دەردەکەوێت کە ئەو ژورە بۆ ئەو شوێنێکی ئاسایشە-گەرمە، قەبارەیەکی گونجاوی هەیە، ئامادەیە، (بونی ژوری لەم چەشنەش واتە خۆشبەختی) لەلایەکی دیکەشەوە، بوونی دەرگا ئامرازێکە بۆ دەست گەیشتن بەهەر شتێك کە لەدەرەوەی ئەودایە، بەهەمان ئەندازەش ئەوە دەردەخات کە شتەکان دەرەوە باش نین، دەرەوە تاریك‌و ساردە، خراپتر لەهەموو شتێك ئەوەیە کە لەو ژێرخانە بچوك، تاریك، بۆن ناخۆش‌و شێدارە لەدەرگاوە دەچێتە ژوورەوە کاریگەری خۆی بەجێ دێڵێت. بەڕێز (کید) نیگەرانی (رز) زیاتر دەکات، چونکە (رز) ناتوانێت پەیوەندی لەگەڵ ئەودا دروست بکات، (رز) پێویستی بەئاسودەبوون هەیە، بەڵام (کید) تەنها ترس‌و دڵەڕاوکێ بۆ ئەو دروست دەکات، پاشان خێزانی (ساندز) بەخەبەردێن کە کەسێك لەژێرخانەکەدایەو بڕیارە ژورەکەی (هۆدەکە)ی (رز) بدەن بەکرێ.

سنور بەزاندن کردەییانە بۆ سەر پەناگای (رز) لەلایەن رەشت پێستێکی کوێری بێچارەوە ئەنجا دەدرێت‌و تەنها رەوشی سنور بەزاندنی ئەویش ئەمەیە کە داوا لە(رز) دەکات لەگەڵیدا بگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە، لەکۆتایی شانۆکەدا (رز) بەهۆی بێ پەنایی لەدنیای دەرەوەی ژوورەکەدا لەپڕ کوێردەبێت‌و ئەو بەوە گەیشتووە کە تەنانەت لەژوورەکەی خۆیشیدا

هەر ناتوانێت لەئەماندا بێتو تا ئەو شوێنەی کە بتوانێت پاشەکشە دەکات.

نووسەر لەهیچ شوێنێکی (ژووردا) ناڵێت کە (رایلی) بۆچی شوێنپێی (رز) هەڵدەگرێت، یاخود بۆچی (رز) لەئەو دەترسێت، هۆکار گرنگ نییە، شتێك کە گرنگە دەرککردنی بوونی هەڕەشەو ئازاردانی مرۆڤە بەرامبەر بەئەو.


*جەژنی لەدایك بوون:.

جەژنی لەدایك بوون یەکەمجار لە28ی نیسانی 1958 لەهۆڵی هونەرەجوانەکانی (کەمبریج) نمایشکرا.

*کەسایەتییەکانی:

پتی بولز-پیاوێکی شەست ساڵە کە بەرپرسی کورسییەکانی ئاسایشگایەکی کەنار دەریایە لەبەریتانیا.

مگ بولز-هاوسەری پتی، ژنێکی پەرپوتی



شەست ساڵە کە خواردن دەگەڕێنێت.

ئەستنلی-پیاوێك لەکۆتایی سی ساڵیدا، پیانۆژەنێکی کۆن، کرێچی بنەماڵەی (بولز)ە.

لولو-کچێکی نزیك تەمەن بیست ساڵەی دراوسێ.

نات (سیمی) گلدبرگ-جولەکەیەکی 50 ساڵە کە هاتووەتە ئەستنلی.

درومووت (سیموس) مکەکان-کە تازە جل‌وبەرگی کەشیشانەی لێداماڵراوەو شەریکی گلدبرگە.

هونەرمەندێکی کەنەفت بۆ پشودان‌و بەو شێوەی کە لەکۆتایی پەردەی یەکەمدا دەردەکەوێت بۆ هەڵهاتن لەهەڕەشەیەکی نەناسراو چوەتە شارێکی کەنار دەریاوەو لەماڵێکدا دەحەوێتەوە.

*گارسۆنی لاڵ:

گارسۆنی لاڵ یەکەمین جار لەیانەی هامپستید لە21 ژانوی 1960 لەگەڵ ژووردا پێشکەش کرا.

کەسایەتییەکانی:

بن-پیاوکوژێکی تەواو شارەزای بەکرێگیراو.

گاس-یاریدەدەری دادوەری ئەو سێیەمین (کۆمیدی هەڕەشەئامێز) گارسۆنی لاڵ کۆتاییەکە بۆ یەکەمین قۆناغی نمایشنامەنوسی پینتەر، ئەو لەم نمایشنامەدا هەمان رەوتی (ژوورو جەژنی لەدایك بوونی) گرتوەتەبەرو هەر لەو شوێنەوە دەستپێدەکات کە ئەو دوانە کۆتاییان پێدێت.

لەلایەکی دیکەوە بن‌و گاس هەمان گلدبرگ‌و مکەکانی رۆژی لەدایك بوونن، گاس دەستیکردووە بەپرسیارکردن سەبارەت بەو شتانەی کە هەن‌و لەهەلومەرجی دیفاکتۆی رژێمدا لەرێگەی کۆمەڵگەی پێکداهەڵبژاوەوە دەکەونە بەر هەڕەشەوە. بەم پێیە دەبێت گاس لەنێوبچێت، پاسەوانی لاڵ نمایشنامەیەکە کە تیایدا خودی هەڕەشەکەر دەکەوێتە بەر هەڕەشەوە.

*فاسق:. یەکەمین جار لە28ی مارسی 1963 لەتەلەفزیۆنی لەندەندا دەرکەوت‌و نمایشکردنی پەردەکانی یەکەمین جار لە18ی سێبتەمبەری 1963 لەهۆڵی هونەرەجوانەکانی لەندەن‌و لەدەرهێنانی پینتەر نمایش کرا.

*کەسایەتییەکانی شانۆییەکە:

ریچارد-مێردێکی پیٚ دەمارگیر کە وەك مکس (لەگەڕانەوە بۆ ماڵەوە) عاشقانە دەگەڕێتەوە.

سارا-خێزانی ریچارد-مەعشوڵە.

جان-پیاوێکی شیرفرۆش.

ناوەرۆکی خواستی دەرونی‌و بەئاوڕدانەوە لەئەمەی کە پنتەر هەست دەکات مرۆڤەکان بەئاقارێکدا دەڕۆن تاوەکو خواستەکانیان تێربکەن، لەفاسقدا باشتر لەدراماکانی پێشتری ئەو بەرچاودەکەوێت، راشکاوانە ناوەرۆکی نمایشەکە لەشوێن ئەمەیە کە کەسایەتییەکان سەبارەت بەخواستەکانیان دۆشداماوی زیاتر دەکەن‌و زیاتر دەیانەوێت پەیوەندییەکی بەردەوام بپارێزن یاخود دروستی بکەن. کاری کۆتایی ئەمانە کەمێك زیاتر لەنەریتە کۆمەڵایەتییەکان پێیان لێ‌ڕاکێشاوە. لەئاکامدا ئێمە سەبارەت بەڕوداوێك کە روو دەدات هۆشیارترین‌و هۆکاری ئەو رووداوە باشتر دەزانین.

*گەڕانەوە بۆ ماڵەوە:

گەڕانەوە بۆ ماڵەوە یەکەمین جار لەهۆڵی شانۆیی ئاڵدریج لە3ی ژوئنی 1965 پێشکەش کرا.

*کەسایەتییەکانی شانۆکە:

مکس-پیاوێکی حەفتا ساڵە، قەسابێکی کۆن، بەڕەفتارێکی پیاوسالاریانە کە رووداو لەماڵی ئەودا روودەدات، باوکی تدی، لنی، جویی‌و برادەری سام.

لنی-پیاوێك لەسەروبەندی سی ساڵەییدا، ژیانی لەڕێگەی فرت‌وفێڵەوە دەگوزەرێنێت، ئەو لەچاو کەسایەتییەکانی دیکەدا زیرەکترە، کوڕی دووەمی (مکس)ەو برای تدی‌و جوییە.

سام: پیاوێکی شەست‌و سیٚ ساڵەیە جگە لەشۆفێری لەهەموو شتێکدا شکستی خواردووەو برادەری (مکس)ە.

جویی-پیاوێك لەناوەڕاستی بیست ساڵیدا، رۆژانە لەبەشی داڕوخاندن کاردەکات‌و شەوانەش مەشقی مشتەکۆڵە دەکات، بچوکترین کوڕی (مکس)ەو برای تدی‌و لنییە.

تدی-پیاوێك لەمیانەی سی ساڵەییدا، دکتۆرای فەلسەفەیەو لەزانکۆی ئەمریکادا وانە دەڵێتەوە، خێزانی هێناوەتەوە بۆ ماڵەوە تاوەکو بنەماڵەکەی ببینێت، کوڕە گەورەی مکس‌و برای لنی‌و جوییە.

روت-ژنێك لەسەرەتای سی ساڵەییدا کە شەش ساڵ پێشتر لەگەڵ تدی زەماوەندی کردووەو بنەڕەتی رووداوەکانی شانۆکە ئەو کۆنترۆڵی دەکات.

جسی-دایکێکی مردووە کە هەرگیز دەرناکەوێت، بەم پێیە دەسەڵاتێکی رۆحیانەی بەسەر خێزانەکەدا هەیە.

لەگەڕانەوە بۆ ماڵەوەشدا، هەروەکو پاسەوان رووبەڕووی کێشە دەبینەوە، ئەگەر دەرکی ئەوە بکەین کە ئەم نمایشەش درێژەپێدانی شرۆڤەی پنتەرە دەبارەی خواستی دەرونی وەك هۆکارێك بۆ هەڕەشە-بینتەر وتوویەتی: (گەڕانەوە بۆ ماڵەوە لەبارەی عیشق‌و مەعشوقەوەیە) لەدەستدانی عیشق. بەڵیٚ، بەڵام هێشتا هەر کێشەیە لەهەر لایەکەوە وا وێنابکەین کە کاری پیس‌و ناشیرینی ئەم کەسایەتیانە پەیوەندی بەعیشقەوە هەیە، ئاماژەی پینتەر بەمەیە کاتێك کە مرۆڤەکان لەسەر لێواری تیژی ژیاندان رەنگە لەگەڵ یەکدیدا رەفتارێکی تەواو بیٚ بەزەییانەیان هەبێت، بەڵام ئەم رەفتارانەیان لەدەرەوەی تان‌و پۆی سەرەکی ژیانیان

ئەنجام دەدەن، رەفتاریان خوازراونییە، بەڵام بەهۆی چەندین بەڵگەی زۆر ریشەییەوە ئەنجام دەدرێت، بەڵگە لێك کە زۆر جدییە، بەواتایەکی دیکە، هەریەك لەئەندامانی خێزان ئاتاجی جۆرێك پیوەندی رۆحیو عاتفین لەگەڵ یەکدیدا کە بەدەست نایەتو (روت9)دروستی دەکات، بەم حاڵەتەوە، روت ژنێکی سۆزانی نییە (بۆ نموونە جویی لەگەڵ ئەودا پەیوەندی سێکسی نییەو لەدوای دایکی لەدەست چوی خۆی دەگەڕێت) ئاشکرایە کە زەماوەندەکەی ئاکامێکی نەبوەو دەتوانێت (تدی) دەست پێوەبنێت، چونکە نەیتوانیوە خواستەکان دەستەبەر بکات، ئەو چیدی هیچ هەستێکی سەبارەت بەمێردەکەی نییە، وا دێتە پێش چاو لەفەلسەفەی ئەودا دەبێت خۆ لەشتێك رزگار بکەیت کە بەرێكوپێکی کارناکاتو شتێکی دیکەی لەجێگەیدا دابنرێت کە بەرێكوپێکی کاربکات، کاتێك کە لەکۆتایی نمایشەکەدا پاش لەدوورخستنەوەی (تدی) بۆ ئەمریکا پەردە دادەدرێتەوە، دیمەنێکی زۆر تەسەنوعی-لەگەڵ رۆتو خێزانە تازەکەی کە لەکەناری ئەودا خێزانێکی سونەتییان دروست کردووە دەردەکەوێت، کە ئەم درامایە درامای گەڕانەوەی (روت) بووە بۆ ماڵەوە.

بەم پێیە بەئاوڕدانەوە لەهەموو لایەنەکان، گەڕانەوە بۆ ماڵەوە بەتەواوی لە(فاسقەوە) نزیکە، چونکە ئەمیش وێناکردنێکە بۆ چەند تاکێکی بێ چارە کە هەوڵدەدەن نیازە دەروونییەکانیان دەستەبەر بکەن، ئەنگێزەکان بەهەمان ئەندازە رۆشن نین، بەڵام بەهەمان رێژەی نمایشەکانی پێشوتر بەهێزن.

**نەخۆشی-ئازاری-سوك:**

(نەخۆش سوك) بەرنامەی سێیەمی دەنگو رەنگی بەریتانیا بۆ پەخشکردن کە لە29ی جولای 1959 بەپینتەریان سپاردبوو، پاش ئەوە بۆ یەکەمین جار لە18ی ژانوی 1961 لەهۆڵی هونەرەجوانەکانی لەندەن چوویە سەر شانۆ.

**کەسایەتییەکانی نمایش:**

ئیدوارد-پیاوێکی تەمەن مامناوەندی کە ژیانی بەسەرکەوتوو دانانێت.

فلورا-ژنی ئیدوارد کە لەژیانی خۆی ناڕازییە.

شقاراتە فرۆش- هەڕەشە- بێدەنگ، پیسو شڕوشیتاڵ کە بانگێشتیان دەکات بۆ ماڵەوە.

(نەخۆشی-ئازاری-سوك) نمایشنامەیەکە لەقۆناغی پەڕینەوە لەنێوان کۆمیدییە هەڕەشەئامێزییەکانو دراماکانی دواتری پینتەردا دەگیرسێتەوە، ئەمەش هەر کۆمیدییەکی هەڕەشەئامێزە، بەڵام بەتایبەتمەندییەکی جیاوازەوە، هەڕەشە دەهێنرێتە نێو ژوورەکەوەو بێ مەترسی بوونی خۆی دەسەلمێنێت، هەڕەشەی شەڕەکی لەخودی تاکەوە سەرچاوە دەگرێت، لەنمایشنامەکانی پێشوودا، هەڕەشە دەرەکیو جەستەیی بوو، بەڵام لەشانۆی (نەخۆشی سوکدا) دەروونیو دەروونناسییانەیە.

پینتەر لەگەڵ ئەم درامایەدا، ئاراستەیەکی تازەی دەستپێکردووە، بەڵام هێشتا ئارەزوومەندی خودی هەڕەشەو بەرهەمەکانی هەڕەشەیە، هەرچەندە کە جەوهەری نمایشنامەکانی دیکەی پینتەر لەم نمایشنامەشدا بوونی هەیە، ئەو جەخت لەسەر هەڕەشە دەکات نەك هۆکارەکانی هەڕەشە.

***پاسەوان:**

پاسەوان یەکەمین جار لە27ی ئەبریلی 1960 لەهۆڵی هونەرەجوانەکانی لەندەن پێشکەش کرا.

**کەسایەتییەکانی شانۆکە:**

میك-پیاوێکی نهێنی ئامێز کە لەکۆتاییەکانی بیستساڵیدایە. خاوەنی ئەو خانووەیە کە لەگەڵ براکەی (ئاستون) تیایدا ژیان بەسەردەباتو



دەیەوێت برا گەورەکەی لەمەترسی دەرەکی بپارێزێت.

ئاستونی برا-پیاوێك لەسەرەتای سی ساڵیدایەو کەوتووەتە ژێر چارەسەری لێدانی کارەباییەوە.

مك (جنکینز) دیویس-پیرەمێردێك کە ئاستون بانگهێشتی دەکات بۆماڵەوەو بوونی ئەو هەڕەشەیەکە بۆ سەر پەیوەندی دوو براکە.

کاتێك لەپینتەریان پرسی کە پاسەوان لەبارەی چییەوەیە، ئەو وەڵامی دایەوە (عیشق) بەبێ ئەم ئاماژەیە، بەئەستەم دەتوانرێت نمایشنامەکە شرۆڤە بکرێت، پاسەوان لەکامڵکردنی ناوەرۆکی درامانوسدا رۆڵێکی زۆر گرنگ لەخۆدەگرێت، چونکە ئەوە نیشان دەدات کە پینتەر بەتەواوی ئاگاداری ئەو جیاوازییە کە لەنێوان ئەم نمایشنامەو نمایشنامە پێشوەکانی خۆیدا هەیە، جەختکردنی ئەو لەسەر هەڕەشە شوێن گۆڕکێی پێکراوە لەگەڵ هۆکارەکانی هەڕەشە.

بەئاوڕدانەوە لەوەسفکردنی پاسەوان بەزبانی عیشق روون دەبێتەوە کە بۆچی دیویس دێتە ناو دراماکەوە، پێناسەی پینتەر بۆ عیشق ناتوانرێت هەمان پێناسەی گرێبەستیو زاراوەنامە بێت کە عیشق بەدڵدارییەکی خۆپەرستانە دەزانێتو موحیبەتێك لەسەر بنەمای ستایشو نیەت پاکی کە تیایدا مەعشوق لەبەر بەهای خودی خۆی دەبێتە بابەتی عیشق، ئاستون، میكو دیوس گرفتاری فۆرمەلەکردنی پەیوەندی کەسایەتی خۆیانو ئەگەر ئەمە ئەو شتە بێت کە پینتەر مەبەستێتی بەزاراوەی (عیشق) بیگەیەنێت رەنگە ئێمە دەبێت وشەی (نیان) لەبریدا دابنێین، کەوا دێتە پێش چاو بۆ ئەو پەیوەندییانەی کە لەنمایشنامەکەدا نیشان دراوە، گونجاوتر بێت، هەنوکە پینتەر هۆگری دروستبوونی هەڕەشە بووەو کاتێك کە دەڵێت ئەم درامایە دەربارەی عیشقە تۆ بە(نیان) بیخوێنەوە، دەبێتە هۆی ئەوەی کە دەرکێکی رونترمان هەبێت بۆ چەمکی بەرهەمو ئەنگێزەی کاری کەسایەتییەکان. ئەگەر میك، ئاستونو دیویس هەموویان نیازی-خواستی- دەروونناسیو عاتیفی بنیادیو وێکچویان هەبێتو هەموو کارەکانیان لەپێناو تێرکردنی ئەم نیازانەدا بێت، ئەوا کۆی کێشمەکێشمە لەڕونکردنەوە نەهاتووەکانی نمایشنامەکە شیاوی دەرککردن دەبن..

سەرچاوە:

پایکاە ادبی، هندی خزە.